# نامەیەکی کراوە بۆ وەزیری مافی مرۆڤ وئاوارەو ئەنفال

**بەڕێز جەنابی وەزیر ...**

**ئەمە دووەم جارە بەندە لەسەر بەڕێزت دەنووسم وگلەیی ورەخنەی گەرمیانیە ئازارچەشتوەکان وکەسوکاری ئەنفالکراوەکان لەسەر بەڕێزت دەخەمەڕوو , پێموایە ئێمەی روناکبیرو قەلەم بەدەستانی گەرمیان لەئاست ئەو گلەییانەو خەمساری بەرێزت کەم تەرخەم وکەمگۆ بووینە, مەسەلەکەمان لەقسەوباس ودانیشتنەکانی خۆمانەوە نەگواستۆتەوە بۆ سەر ڕووپەری رۆژنامەکان و قسەی جدییمان لەسەر نەکردووە هەرچەندە من هیوام وابوو ئەو نووسینەی کەرۆژنامەنووس وخەمخۆری مەسەلەی ئەنفال (عارف قۆربانی) لەژمارەکانی ڕابردووی (هەواڵا نووسیبووی دەلاقەیەك بکاتەوە لەسەر ئەم بابەتەو خەڵکانی دیکەش بنووسن بەڵام بەداخەوە وانەبوو . من نامەویٚ بەم قسانەم هێلێکی ڕاست وچەوت بەسەر کارو خزمەتەکانی وەزارەتەکەتان بهێنم وبلێم هیچتان بۆ ئەنفال نەکردووە ئەمەش بەو مانایەش نابیەت ئێوە جدی بوونە لەئاست ئەنفال دا وردیٚغیتان نەکردووە, بەڵکو دەمەوی مشتێك لەخەرواری گلەییانە بخەمەڕوو کەڕووبەرووی ئێوە دەکرێتەوە.**

**بەڕێزتان لەدەست بەکاربونتانەوە تاهەنووکەش پێمان بڵیٚ چەند جار سەردانی گەرمیانی ئەنفالکراوت کردوو گوێت لەڕازو مەینەتی و گلەییە هەقەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانت گرت وبۆ ساتێکیش بەچاوی خۆت ولەنزیکەوە ڕوانیتە ژیانی کولەمەرگی ئەو پیرو پەکەوتانەی کە لەسەفەری دۆزەخ گەڕانەوە وئازیزانیان لەئەنفالدا لەدەستداوە, ئەگەر ئێوە قەناعەتان وابێت کەوەك بەرێزتان ووتوبوتان کەبەنەمانی بەعس ئەنفالیش کۆتایی پیٚدێت ,یان بەپێدانی موچە مەینەتی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان کۆتایی پیٚدێت ئەوە دەبێت وەزارەتەکەی بەرێزتان ناوەکەی بگۆڕیٚ و پالی لیٚبداتەوە.**

**کەسوکاری ئەنفالکراوەکان زۆربەیان بەرێزتان ناناسن کەبەداخەوە دەبوایە وەك داکۆکی کاری ئەوان ئاشنای هەموویان بویتایە,ئێمە ئومێدمان وابوو کەئێسك وپروسکی ئەنفالکراوەکان لەبیابانەکانەوە بهێنرێنەوە کوردستان ومۆنۆمێمنێکی شایستە بە ئەنفال دروست بکریٚ و ئەنفال هێندەی گەورەیی برینەکەی وزۆری قوربانی وزیانەکانی بناسریٚ وقەرەبووی زیان لێکەوتوانی پرۆسەکە بکرێتەوە, کەچی ئێوە ئامادەنەبوون بودجەیەك بۆ مەراسیمی یادی هەڤەساڵەی ئەنفال تەرخان بکەن و فێنکی ودڵگیری سلێمانی بۆتاقێك بەجیٚبهێڵن وڕوو لەگەرمیان بکەن ولەنێو کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندا یادەکە بەریٚ بکەن, ئەگەر وانیە گەرمیانیەکان چاوەرێین ڕونکردنەوەی پێویست لەم بارەیەوە بدەیت.**

**لەگەڵ رێزدا**

**کاروان یاروەیس**